هەلاله رافع، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، لەریگای کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، پەردەلەسەر ناوەرۆکی سیناریۆی گالتەجاری دەنگدان بەدەستور و دادگایی صدام هەلدەداتەوە!

لەچوارچیوەی خەبات و تیکۆشانی بەردەوام وهەمەلایەنەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، بەدژی سیناریۆی ئەمریکاو دەست و پیوەندەکانی، بەناوی "دەنگدان بەدەستوور" وپوچەلکردنەوەی سیاسەتی مەشروعیەت دان بە پرۆژەی ئەمریکاو لایەنە قەومی وئیسلامییەیکان لەعیراقدا، هاوری هەلاله رافع ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەزنجیرە دیدارو چاوپیکەوتنیکی تەلەفزیۆنی و رادیوییدا، پەردەی لەسەر ناوەرۆکی دژی خەلکی ئەم سیناریۆیانە هەلدایەوە و لەوریگایەشەوە لیکدانەوە وبۆچوونەکانی حیزبی بەکۆمەلانی خەلکی گەیاند، ئەوەی لیرەدا دەخریتەروو کورتە هەوالی ئەو چالاکیانەیە:

*/ دیدار لەگەل رادیۆ ژنان و شەبەنگ سەبارەت بە ژنان و دەستور:

رۆژی 10/15 هەردوو رادیۆیی ژنان و شەبەنگ لەولاتی سوید دوو دیداری جیاوازیان لەگەل هاوری هەلاله رافعدا سازدا. لەم دیدیارانەدا هەلاله ویرای ئەوەی ناوەرۆکی پوچی سیناریۆی گالتەجاری و دەنگدانی ئاشکارکرد، هاوکات ئەوەی تەئکیدکردەوە کە ئەم دەستورە نەك هیچ چاکسازیەك لە باررووودۆخی ژناندا نایەنەتە ئاراوە بەلکو بە پیچەوانەوە بی مافیەکانی ژنان زیاتر دادەسەپینیت وە یاساییان دەکاتەوە، بەتایبەتی کەئەم دەستورە سەرچاوەکەی لە شەریعەتی ئیسلام ئیلهامی وەرگرتووە. هاوکات هاوری هەلاله ئامازەی بەوەدا کە ئەوە خۆشخەیالییە ئەگەر ژنان لە کوردستاندا پێیان وابیت ئەتوانن بە دوور لە دەستوری عیراق هەلسوکەوت بکەن، چونکە 12 سال پاش نەمانی دەستی رژیمی بەعس بەسەر خەلکی کوردستاندا حیزبە دەسەلاتدارەکان نەیانهیشت دەستی یاساکانی بەعس کۆتابیت لەسەر خەلك، وە ئیستاش نەك ناهیلن بەلکو خۆیان بەشدارن لە دارشتنی دەستوری تازەدا وە پەیوەستن بەدەسەلاتی مەرکەزیەوە، وە ژنان ناتوانن بەدەر لەو دەستورە هیچ یاساو دەستوریکی تر پەیرەوی بکەن، وە یان دەسکاری هیچ برگەیەك بەبی گەرانەوە بۆ مەکەز بکریت. تەنها هیوایەك ئەوەیە کە ژنان لە کوردستاندا لەگەل باقی کۆمەلگادا خەبات بکەن بۆ ریکخستنی راپرسیەك، بۆ سەربەخۆ بوونی کوردستان وە پیکهنانی دەولەتیکی عیلمانی غەیرە قەومی غەیرە مەزهەبی کەتییدا مافەکانی ژنان پاریزراوون.

*/ دیددار لەگەل تەلەفزیۆنی پەرتەو سەبارەت بە دادگایی صدام:

رۆژی 10/19 هاوری هەلاله رافع لەدیداریکدا لەگەل تەلەفزیۆنی پەرتەو کەناڵی ئاسمانی فارسی زمان وەلامی بەوپرسیارانەدایەوە کەلەبارەی سیناریۆی دادگایی صدامەوە ئاراستەی بەریزیانکرا. لەمدیدارەدا هەلاله ویرای دەربرینی خۆشحالی خۆی وەك هەر هاوولاتیەکی تری ئازادی خوازی عیراق بە دادگایی کردنی سەدام لە هەمانکاتدا لە دژی ئەو سیاسەتە وەستایەوە کە ئەمریکاو دەست و پیوەندەکانی لەریگای دادگایی صدامەوە خەریکن بەریوەی دەبەن. بەتایبەتی پیداگری لەوەکرد کە ئەو تاوان و سەرکوتگەریەی کەخەلکی عیراق بەهۆی صدامەوە بەرەو رووی بونەتەوە بەتنها بەرهەمی کەسیك نییە بەلکو بەرهەمی نیزامیکی سیاسی و رژیمیکە کە ناسیونالیزمی عەرەبی خاوەنییەتی بۆیە دەبی لەم دادگاییەدا ئەم رژیمە و ئەم بزوتنەوەیە وسەرانی دادگایی بکرین و خەلکی عیراق تیدا لەهەقیەقەتی تیبگەن و ریگا نەدەن بەوەی جاریکیتر بکیشرینەوە ژیر سایەی رژیمیکی لەم جۆرە. بەتایبەتی کە هەر ئیستا ئەمریکا ولایەنی قەومی وئیسلامییەکان خەریکن بەشیوەیەکیتر هەمان ناوەرۆکی رژیمەکەی صدام دیننەوە ئاراوە. (دەتوانن دەقی ئەم دیدارە بەزمانی کوردی لەسایتی حیزبدا بخویننەوە(www.wpiraq.net).

*/ دیدار لەگەل کەناڵی 4 ی تلفزیۆنی سوید:

هەمان رۆژ واتە 10/19 هاوری هەلاله رافع بەزمانی سویدی دیداریکی تەلەفزیۆنی لەگەل کەناڵی چواری تلفزیۆنی سوید، لەبارەی دادگایی صدامەوە سازدا. لەم دیدارەدا هاوری هەلاله ئامازەی بەوەدا کەئەگەرچی هەموو کەس دل خۆشە کە تاوانباران دەدرین بە دادگا بۆ ئەوەی بە سزای تاوانەکانیان بگەن، بەلام لەم دادگایی کردنەی صدامدا ئەوەی بەرجەستەیە نەبوونی هیچ پایەیەکی قانونیی وشەرعییە. هەربۆیە خودی دادگاییکردنەکە مەحکومە لەلایەن خەلکەوە. بەتایبەتی ئەوانە کین و بەکام یاسا دادگایان داناوە! هەروەها ئیستا وولات داگیرکراوە، ئەمریکا خوی سەروەری هەموشتیکە و هاوکات تاونبارە بەداگیرکاری و کوشتوبرین وکاولکردنی ژیانی خەلك وحکومەتیکیش کە لەئارادایە دروستکراوی ئەم هەلومەرجەیەو هیچ پایەیەکی قانونی نیە. دادگاییەکی ئاواش بیجگە لە تیپەراندنی سیاسەت و مەرامەکانی ئەمریکاو دەست و پیوەندەکانی شتیکی تری لیناکەویتەوە. ..

شایانی باسە خەلك و گویگرانی ئەم کەناڵانەدا بەپەرۆشەوە گویبیستی قسەوباسەکانی هاوری هەلاله رافع بوون لەم دیدارو چاوپیکەوتنانەدا و بەشیکی زۆریان تەئید و پشتیوانی خۆیان بۆسیاسەت و لیکدانەوەیەك راگەیاند کەبەریزیان خستییەروو..

ئامادەکردنی لەسایتی حیزبەوە

2005/10/23